# شاری کەیانی

KURDI SORANI

پەسند کراوە لەلایەن لیژنەی پەروەردە لە ١،٦،٢٠١٧

# بنەڕەتەکانی (پڕەنسیپ) بەخێوکردنی نۆرە(شەفت)

١. ئەومندالانە مافیان هەیە لە ڕەوزەی نۆرینگە بەخێوبکرێن، کەوا بەخێوکەرانی منداڵەکە بەهۆی کار یان خوێندنەوە پێویستیان بە بەخێوکردنی نۆرە (شەفت) هەیە بۆ منداڵەکانیان. ڕەوزەی نۆرە مافێکی گشتی هاولاتیان نییە.

٢.ئەبێ بەخێوکەر/بەخێوکەران بەڵگەنامە لە خاوەنی کار وەربگرن و پێشکەشی بکەن کەوا پێویستیان بە ڕەوزەی نۆرە یە. ناردنی بەڵگەنامەکە لەڕێگەی بەریدی کارەبایی بۆ بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکە یان بە بەرید بۆ ناونیشانی **شاری کەیانی** ، **پەروەردەی نەوجەوانان/بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزاری، پۆهیەڵەن کاتو ١٣ ، ٨٧١٠٠، کەیانی.**

٣.نۆرەکانی (شەفت) منداڵ بەشێوەی پێشینە ئاگاداری ئەبێ بدرێ بەڕەوزەکە، بۆ درێژترین ماوە کە وا دەزاندرێ. بەلانی کەم هەفتەیەک پێشتر ئاگاداری بدەی. شەفتی ڕەوزە هەفتەیەک پێشتر ئەتوانی بنێری لەڕێگەی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی (ڤەکا موکەنە) ئەبێ بەلانی کەم هەفتەی پێشتر هەتا ڕۆژی سێ شەممە کاتژمێر ١٢ ناردرابێ. لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییە چالاکەوە کەفالەتی دابینکردنی کارمەندی پێویست وئەمنیەتی منداڵ دەکەین.

٤.خزمەتگوزاری ڕەوزەی نۆرە هەمیشە بۆ ئەو دایک و باوکانە/بەخێوکەر/هاوسەرانەیە کەوا کاری نۆرە دەکەن. ئەوەی درەنگتر دەڕوا بۆ کار منداڵەکە دەهێنێت بۆ ڕەوزە و ئەوەی زووترلە کار تەواو دەبێت منداڵەکە دەباتەوە. بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی منداڵان مانەوەی منداڵ واباشترە لە شەو و ڕۆژێکدا ١٠ کاتژمێر تێنەپەڕێنێ. لە هەل و مەرجی شازدا کەوا بەهۆی کار دایک و باوکان زیاتر لە ١٠ کاتژمێر منداڵەکانیان دەهێڵنەوە لە ڕەوزەی نۆرە، ئەوا ڕۆژی پشوی دایک و باوکان ئەبێتە پشوی منداڵەکەش. لەدوای تەواو بوونی کاتژمێرەکانی ڕەوزەی نۆرە زۆرترین ماوەی مانەوەی منداڵ لە ڕەوزە ٩ کاتژمێرە. و هەروەها زوترێن کات پێش دەستپێکردنی یەکەم نوە ٥ کاتژمێرە.

٥.بەخێوکەران ئەبێ بەزووترین کات ڕەوزەی نۆرە ئاگاداربکەنەوە ئەگەر منالەکە غایب ە یان نەخۆشە یان نۆرەی کاری بەخێوکەر ئیلغا کراوە، یان گۆڕانکاری کراوە لە شەفتەکانی کار یان کۆتایی هەفتە ئیلغا کراوە.

٦.لە کاتی نەخۆشکەوتنی بەخێوکەر یان خوشک و برا منداڵ دەتواندرێ بهێندرێتە ڕەوزە لە ڕۆژانی دەوام کاتژمێر ٩ هەتا ١٥ یان بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕەوزە یان جێگری بەڕێوەبە.

٧.لەکاتی گۆڕانکاری لەناکاو لە نۆرەی کاری بەخێوکەر، یان کەموو کوڕی لە پڕکردنەوە ی فۆڕمی شەفتی ڕەوزە یان دواکەوتن لە پڕکردنەوەی فۆڕمەکە لە کاتی خۆیدا، ئەوا مەرج نییە بتوانین خزمەتی پێویست دابین بکەین.

٨.ئەو منداڵانەی پێویستیان بە مانەوەیە لە ڕەوزە ئێواران لە دوای کاتژمێر ٢٢.٣٠ و بەیانیان پێش کاتژمێر ٥.٣٠ وا باشترە شەو لە ڕەوزەکە بەسەرببەن بۆ وەرگرتنی خەوی پێویست.

٩.ئەو منداڵانەی لە یەکەم مەکتەبن(یەکەم مەکتەب: لەتەمەنی ٦ ساڵی منداڵ ئامەدە دەکرێت بۆ خوێندن) ئەوا دەتوانن لە ڕۆژی پشوی بەخێوکەرەکان بەژداری یەکەم مەکتەب بکەن ڕۆژی ٤ کاتژمێر . لە ڕۆژانی دەوامی فەرمی و بەپێی نۆرەکانیان لە ڕەوزە، هەروەها ڕێنمایتان دەکەین کەوا منداڵەکان بەلانی کەم ٢ ڕۆژ پشوویان هەبێت لە هەفتەیەک دا.

١٠لەڕەوزەی نۆرە ئەو ژەمە خواردنانە پێشکەش بە منداڵەکە دەکرێن کەوا دەکەوێتە ناو نۆرەی بەخێوکردنەکە.

١١.ئەگەر هاتوو منداڵەکە پێویستی نەما بە ڕەوزەی نۆرە، ئەوا کاتی بەخێوکردنی ڕەوزەی ئاسایی بۆ دابین دەکەین لە نێوان کاتژمێر ٦.٣٠ بۆ ١٧.٣٠

١٢.ئەو بنەمایانەی سەرەوە لەگەڵ دایک و باوکان قسەی لەسەر دەکەین کە منداڵ وەردەگیرێ لە ڕەوزەی نۆرە و لە دوایش گەر پێویست بێ. ڕێنماییەکان لە هەموو یەکەی ڕەوزەکان بڵاو دەکرێنەوە لە شاری کەیانی بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری بە یەکسانی بێ لەبەرچاوگرتنی کاتی کرانەوەو داخستنی یەکەکان.